ژمارە : تایبەت:
ڕێکەوتی: / 2012-07-12

**بۆ/ بەڕێز ئەنجومەنی ناوەندی(ی.ن.ک) لیژنەی سکاڵا و لێپرسینەوە،**

**بابەت / سکاڵای لێپرسراو کارگێرانی کەرتی ڕێکخستنی ئەمستردام،**
**دەربارەی ئەو پێشێلکاری و دەست تێوەردانەی دژی کەرتی ڕێکخستنی ئەمستردام کراوە...**
**لە کۆنفرانسی ئەمجارەی کۆمیتەی هۆڵەندەدا.**

**هەڤاڵانی بەڕێز ..**

هەڤاڵانی ماندوونەناس و بە ویژدانان و دڵسۆزانی مانەوەی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ڕەوتی شەهیدانی داهێنەری (کەم ژیان و کەڵ ژیان) و پاراستنی یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەی گەورە و سەروەرمان داهێنەر وخاوەنی دروشمی (ڕەنجدەرانی بیروبازو) ی هەمیشە سەربەرز..

بە داخەوە ئەم سکاڵایە ئەخەینە پێشچاوی بەڕێزتان و داواکارین بە ویژدانێکی زیندووەوە،لە ڕاستیەکانی ناو ئەم نامەیە بڕوانن و مامەڵەیەکی یەکێتییانەی لەگەڵدا بکەن بەپێی پەیڕەو .

سەرەتا بەم خاڵانە دەست پێ ئەکەین:

**یەکەم:**

دەربارەی لێپرسراوی کەرتی ئەمستردام،کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا (**بڕیار نوری حەمە عەلی ڕەسوڵ**)،

زۆر بە شانازی و ڕاشکاویەوە دەربارەی سیڤی خۆم بۆتان ئەدوێم: کە ناوم (**بڕیار نوری حەمە عەلی ڕەسوڵ**) ساڵی 1967 لە دایک بووم، لە خانەوادەیەکەی ناسراو شۆڕشگێری شاری سلێمانیم بە هۆی شەهید بوونی باوکمەوە لە شۆڕشی ئەیلولدا. تەمەنم منداڵ بووە بۆیە لە ژێرکاریگەری خانەوادەکەم و شەهیدبوونی باوکمدا، خۆشم پاش گەورەبوونم چومەتە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیەوە و بەڵام براکانم لە شۆڕشی نوێدا پێشمەرگەی یەکێتیی و ئەندامی ئەو حیزبە بوون و سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون، بەختیار ی برام لە ساڵی 1981 پ.م بووە لای هەڤاڵ **ئاوات عەبدولغەفور تا** ڕاپەڕینی 1991 ئێستەش لێپرسراوی کەرتی ئازادی یە لە شەهیدانی سلێمانی، بەندەش ساڵی 1986 لە خواکوڕەک بووم بە پێشمەرگە. برایەکیشم لە بۆردومانی قەڵادزێ ساڵی 1974 شەهید بووە.

- ❖ دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیم لە وڵات و لە دەرەوەش، بەشی ئیدارە و ژمێریاریم خوێندووە.
- ❖ لە ساڵی 1986 تا هاتنە دەرەوەم بۆ هەندەران، 10-11-1991 پێشمەرگە بووم، بەبێ دابڕان، ئەوکاتانەی لە پێش ئەنفال لە ناوچەی قەرەداخ پێشمەرگە بووم، بەڵام پەیوەندیەکی دۆستانەی

بەهێزم لەگەڵ هەڤاڵ **ئاوات عەبدولغەفوردا** هەبووە. پێشمەرگە بووم تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 یش. پاشان لە گەیشتنمدا بۆ وڵاتی هۆڵەندە و لە شاری ئەمستردام نیشتەجێ بووم، لە ساڵی 1993 ەوە، بە کردەوە بەهۆی هەڤاڵ کاروان کیمیاوی ناسراو بە(کاروانی جیهاز)ەوە، پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)ەوە کردۆتەوە، بووم بە ئەندامی (کۆمیتەی ڕێکخستنی بەنەلۆکس)، لەوکاتەوە تا ئێستا بەردەوام ئابوونەم داوە و ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک بووم و درێخیم لە یەکێتیی نیشمانیی کوردستان نەکردووە لە ئەرکەکانی سەرشانمدا کەمتەرخەم نەبووم بە قەناعەتێکی تەواوەوە.

لە 20–02–2005 ەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بە جێگری بەرپرسی کەرت و کارگێڕی کەرتی ئەمستردام دەستنیشان کراوم، خزمەتی زۆرم بە کوردە ئاوارەکان و تازە هاتووەکان کردووە، هەر لەسەرەتاوە لە ساڵی 1995 ەوە بە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی یانەی کوردی "میدیـــا"ی ئەمستردامیش هەڵبژێردراوم و ئێستا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەم و بەردەوامم لە خزمەتکردن.

لە ساڵی 2008 بەدواشەوە لەبارودۆخی سەرهەڵدانی ڕەگ و ڕیفۆڕم و گۆڕاندا بە کردەوە، بە تەنگ پاراستنی ڕیزەکانی یەکێتیی ناو یەکێتییەوە هاتووم، خەمی هەمیشەیم لێکنەترازانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، لە هۆڵەندا و کەوتومەتە بەر لێشاوی هێرش و قسەوقسەڵۆک و ئامادەی هەموو ئەرک و فەرمانێک بووم، کە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە هەرشوێنێک بێت پێم بسپێرێت. تا ئەمێنم شانازی بەو مێژووەی خۆمەوە ئەکەم، کە یەکێتییم و یەکێکم لە پێشمەرگە دێرینەکان و ئەندامێکی چالاک و دڵسۆزم ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوم هەبووە لە پێشمەرگایەتیدا لە شاخ و لە هۆڵەنداش هەمیشە لە خزمەتکردنی هەڤاڵانی یەکێتییدا درێخیم نەکردووە، هەرگیز سوودمەند نەبووم، کاری حیزبایەتیشم بۆ پلە و پۆست نەکردووە، بۆیە ئەم چەند ووشەیەشم نووسی، بەرپرسیارم لە هەموو خاڵەکانی، بۆ ئەوەی بە قسەی کەسانی هەلپەرست و خۆپەرست ماستاوچی و بەناو یەکێتیی و ئەندامی نا ئەندام لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەتوانن بە بێ بەڵگە، قسەوقسەڵۆکمان بۆ داتاشن و هەقی ڕەوای خۆم و هەڤاڵەکانم پێشێل بکەن، داواکارم ئەو لیژنە بەڕێزەش ئەو بڕیارە توند و ڕەفتارە عەسکەرتاریەیان بەسەردا سەپاندوین، لییان بپرسنەوە ..! چونکە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حزب مافی داکۆکیکردنمان هەیە تادەگاتە بەرزترین دەستەڵاتی حزب، بۆ ئاگاداری هەموولایەک ئێمە کادری خۆبەخشی حیزبین و بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆمان کارمان کردووە، تا ئێستا کارمان بەدڵ و بە گیان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە و بەردەوام دەیکەین، چەند ڕێگریش لەبەردەممماندا دروست بکەن.

**دووەم**: دەربارەی بڕیاری سڕکردنی لێپرساو و دوو کارگێڕی کەرتی ئەمستردام و بواردنی تەنها کارگێڕێک بە تەنها: لێرەدا ئەمانەوێ بە درێژیی وەکو خۆی حەکایەتەکە بگێڕینەوە، هەر لەیەکەم

ڕۆژی گەیشتنی بە تەنهای هەڤاڵ **دلێر ئەحمەد شوکری** ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی ناوەندی دەرەوە ڕۆژی 14-06-2012، کە بە تەنها بە ئەنقەست دوو هەڤاڵی کارگێڕی کۆمیتە ئاگادار کرابوون و لە فڕۆکەخانە چووبوون بۆ پێشوازی و بۆ ئێوارەکەی دوو هەڤاڵی سنوری ئەمستردام پێیان ڕاگەیاندم، کە لەگەڵیان بچم بۆ سەردانی هەڤاڵ **دلێر** لە ئوتێلەکەی لە شاری ڕایسڤایک، کە هەڤاڵ **سەید عەلی** بەرپرسی ئێستەی کۆمیتە بۆی گرتبوو، هەر لەو کاتەوە ئاسانکاری بۆ کرابوو بۆئەوەی بیکەن بە لێپرسراوی کۆمیتە، بەڵام من بەو دوو هەڤاڵەم ڕاگەیاند تا من بە نامەی فەرمی ئاگادار نەکرێم وەک پرنسیپی حیزبی ناچم بۆ بینینی هیچ لێپرسراوێک بە تایبەتی ئەگەر ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنیش بێت، وەک بیستمەوە بۆ ڕۆژی دوایی ئێوارەی ڕۆژی هەینیی ڕێکەوتی 15-06-2012 هەڤاڵ دلێر دانیشتنێکی لەگەڵ هەندێک لە کارگێڕانی کۆمیتە سازدابوو، هەمان ڕۆژ نامەیەکمان لە ڕاگەیاندنی کۆمیتەوە پێگەیشت بۆ ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 16-06-2012 کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆمیتە ئەنجام دەدرێت، بەڵام دوو هەفتە پێش ئەو ڕێکەوتە مەوعیدێکی گرنگم بۆ دانرابوو نەم ئەتوانی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بم، ویستم عوزرخوایی بێنمەوە، بیستم زۆربەی هەڤاڵانی لێپرسراوی کەرتەکان، ناتوانن ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بن و پاشان بیستم کۆبوونەوەی لێپرسراوانی کەرتەکان بۆ ڕۆژی دوایی یەکشەممە ڕێکەوتی 17-06-2012 دواخراوە... بۆیە بە پێویستم نەزانی تەلەفۆن بکەم، بەڵام وەک بیستمەوە کارگێڕانی کۆمیتە و تەنها دوو لێپرسراوی کەرتی زڤۆڵە و ئوترێخت ئامادەی کۆبونەوەکەی ڕۆژی شەممە بوون و بە بێ پرس و بێئاگادارکردنەوەی ئێمە هەڤاڵانی کەرتی ئەمستردام کارگێڕی کەرتەکەمان هەڤاڵ(**جوان عومەر،کەرکوکی**) لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا، پرنسیپی حیزبی شکاندووە و خۆی کردووە بە ناو کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەدا کە بەپێی پلەی ڕێکخراوەی هیچ پەیوەندیەکی بەناوبراوەوە نەبووە. بەڵام ئەوەی کە جێگای پرسیارە لیژنە چۆن ڕێگای داوەکە ئەوپرنسیپە حیزبیە بشکێندرێت..؟ لەوکاتەدا لیژنە بەرپرسە..نەک هەڤاڵ جوان عومەر. ساڵێ پێشتریش هەڤاڵ **سامان گەرمیانی** پێی داگرت کە هەڤاڵ **جوان** بکرێت بەجێگری هەرێم، کە ئەوکات فۆڕمی ئەندامێتیشی نەبوو لەڕێکخستن، بەڵام ڕوون بوو هۆکارەکەی تەنها لەبەرئەوەی کە **کەرکوکی بوو بەس** دواتر قبوڵ نەکرا ...

بۆ رۆژی دوایی لێپرسراوی زۆربەی کەرتەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا، لە کۆبوونەوەیەکی زۆر جدی و هەڤاڵانەدا لەگەڵ هەڤاڵ(**دلێر ئەحمەد شوکر**) یدا بیروڕایان گۆڕیەوە و بەڵێنمان پێیدا هەموو هاوکاریەکی بکەین، بۆ دەرچوونی کۆمیتەی ڕێکخسیتنی هۆڵەندا لەو کێشە و قەیرانانەی ماوەی ساڵ و نیوێکە تێی کەوتووە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، هەڤاڵ **صەلاح شەریف** کەرکوکی پێشنیاری بۆ هەڤاڵ **دلێر** کرد، چەند کەرتێکی وەک (**ئەلکمار و ئەمستردام و هیلڤرسوم و ئوتریخت** ) ماوەیەی چەند مانگێک لەمەوبەر هەڵبژاردنیان بۆ کراوە، پێویست نەکات دووبارە هەڵبژاردنیان بۆبکرێتەوە ؟، هەڤاڵ دلێر لەوێدا وتی پرس بە ئەندامانی تری لیژنەکە و هەڤاڵ (**ڕەفعەت عەبدوڵلا**) لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) ئەکەم و جوابتان لێ ئەگێڕمەوە...

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتای نەخشە و پلانی دەستپێکردنی هەڵبژاردنی هەر 16 کەرتەکەی کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا داڕێژرا و بۆ هەفتەی ئاینده لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی 18–07–2012 مەوعیدی کۆنفرانسی کەرتی ئایندهۆڤن دانرا و بەدوایدا کەرتەکانی تر کۆنفرانسی خۆیان کرد، هەڤاڵ دلێر ڕاچاوی گەیشتنی هەڤاڵەکانیشی نەکرد بۆئەوەی وەک لیژنەکارەکان بەهەماهەنگی ئەنجامبدرێن مانەوە کەرتەکانی ئەمستردام، ئەلکمار، زەیلاند و کەرتی هێلڤەرسوم..تا ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی 25–06–2012 تەلەفۆنێکم لە لایەن هەڤاڵ (سیروانی کوێخا نەجم)ەوە بۆ هات، بە تەلەفۆنی هەڤاڵ حاجی جەمالی وەستا شەفیق، ووتی کەرتی ئەمستردام موشکیلەی هەیە، پێویستە بتان بینین.. منیش ووتم ببورە هەڤاڵ سیروان ئێمە هەموو قسەیەکمان لەگەڵ هەڤاڵ دلێردا کردووە و کەرتی ئێمە موشکیلەی نیە، ڕەنگە بە هەڵە تەلەفۆنت بۆ من کردبێت، چونکە بێ موشکیلە ترین کەرت کەرتی ئەمستردامە، ووتی نەخێر موشکیلەتان هەیە.. خۆ من بۆتان دروست ناکەم.. ووتم دەباشە فەرمانی بەڕێزتان بە چیە.. من خۆم و کارگێڕەکانم ئامادەین لەگەڵ بەڕێز لیژنەکەدا دابنیشین، بۆ ڕۆژی دوایی کە هەڵبژاردنی کەرتی ڕۆتردام بوو، سەعات 20:00 ئێوارە ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی 26–07–2012 لەو ئوتێلەی لێی دابەزیبوون ئوتێل شەنگەهای لە شاری دیڵفت مەوعیدمان دروست کرد.. (بەندە بڕیار عەلی بەرپرسی کەرتی ئەمستردام و کارگێڕانی کەرتی ئەمستردام (**ئالان ئەمین، جوان عومەر و سۆزان کەرەم**) ئامادەبین بۆ گفتۆگۆکردن ڕێکەوتن لەسەر شێوازی بەشداری کردنی کۆنفرانسی کۆمیتەی هۆڵەندا، ئەوە بوو ئێمە لە کاتی خۆیدا ئامادەبووین و بەڕێزان لیژنەکە زۆر دواکەوتن لە سەعات 22:30 دەونیوی شەو ئامادە بوون و ئێمە ستافی کەرتی ئەمستردام و بەڕێزان هەڤاڵ (سیروانی کوێخا نەجم و دلێر ئەحمەد شوکری)، دەست کرا بە قسەکردن لە بارەی ئەم پرۆسەیەی کۆنفرانسی کەرتەکان و کۆمیتەی هۆڵەنداوە، لەسەرەنجامی هەموو قسەکانماندا، من ڕاشکاوانە ڕامگەیاند کە هیچ موشکیلەیەک لە ناو کەرتی ئەمستردامدا بوونی نیە و هەڤاڵ ئالان جێگری بەرپرسی کەرت و هەڤاڵ (سۆزان کەرەم)یش، کە کارگێڕی یەدەکی کەرتەکەمانە باسی بێ موشکیلەیی کەرتەکەیان بۆ لیژنەکە کرد، تەنها لەسەرەی هەڤاڵ(**جوان عومەر**)دا، دەستی بە باسکردنی گرفت و کێشە کرد، کە گوایە ئاگاداری هیچ نیە و بێ موناسەبە هێرشی کردە سەر هەڤاڵ (**سۆزان**

**کەرەم**)، کە بە چ هەقێک ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە کراوە...؟! لە بەرچاوی لیژنەکە چەندان دەستەواژەی نەشیاوی خستە ڕوو تەنانەت، ئێمە هەرسێکمانی تۆمەت بار کرد، بەدژایەتی خۆی و باسی کۆنی هێنایە ئاراوە کە هیچ پەیوەندی بە کاری ڕێکخستنەوە نەبوو...
کێشەی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی "میدیـــا"ی ئەمستردام لە ساڵی 2000 ەوە، کە تێیدا دامەزراوە تا دەرکردنی لەو ڕێکخراوە، لە ساڵی 2004 دا،لە لایەن کاک (**عیماد عیزەت ڕەشید**) ،کە ئەو کاتە لێپرسراوی ئەو ڕێکخراوە بووە، بە هۆی کێشەی تایبەتی خۆیەوە، بە داخەوە تێکەڵاو بەکاری حیزبی دەکرد، هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو.
بەندە (بڕیار عەلی)، پێم ووت جوان خان مەسەلەکان ڕێکخستن و ڕێکخراو، کەرتی ئەمستردام و "میدیـــا"ی ئەمستردام دوو شتی جیاوازن تکایە تێکەڵاویان مەکە....! بەوە نەوەستا باسی خۆیی و سۆزان کەرمی کرد لە ڕێکخراوەکانی ژنان ڕێکخراوە هۆڵەندیەکان لە ئەمستردام و وای لە سۆزان خان کرد ناچاری کرد، دڵی پڕ بێت و بڵێ جوان خان بەسە..؟ تۆ باسی کەرتی ئەمستردام بکە...! جەنابت و من و هەڤاڵانی تر لە دوا هەڵبژاردنی 22-05-2011 کەرت دەستنیشان کراین بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی ئەمستردام، بڕیارماندا دڵسۆزانە کار بکەین و دەفتەری کۆن هەڵنەدەینەوە.. لەم قسانەدا بوو، هەڤاڵ **سیروان کوێخا نەجم** لە هەڤاڵ سۆزانی پرسی...؟ خۆی تەقدیم بکات.. ووتی من ناوم (**سۆزان عەلی مەنصوور کەرەم**)ە، خەڵکی شاری خانەقین و لە خانەوادەیەکی تێکۆشەری یەکێتیین، خوشکی پ.م دێرین (حسێن عەلی مەنصور)م.. تەنها بەوە هەڤاڵ سیروانی کوێخا جوان عومەری بێ دەنگ کرد و ووتی جوان بەسە... باسی کاری حیزب بکە !!! ئێستە خۆتان لە نێوان خۆتاندا ڕێک بکەون.. لەوێدا هەر چوارمان دەستمان خستە ناو دەستی یەکتری پێکەوە کار بکەین بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسی کۆمیتە، هەر لەوێدا بەندە(بڕیار عەلی) داوای مۆڵەتم کرد، لە لیژنەکە لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 27-06-2012 **تا** ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 04-07-2012 و ڕوخسەتم خواست هەڤاڵان کارگێڕانی کەرتی ئەمستردام (**ئالان ئەمین، جوان عومەر و سۆزان کەرەم**) بەشداری کۆنفرانس بکەن ئەگەر پێش گەڕانەوەی من، کۆنفرانسی کۆمیتە ئەنجام درا بێت، کۆبوونەوەکە بەو قسانە کۆتایی هات بە بێ ئەوەی هیچ خاڵێکی زیادە بووترێت، کە من لێرەدا ئاماژەم پێ نەدابێ، ئەوەی دەیبینم(پاش هاتنەوەم لە سەفەرەکەم) پێچەوانەی هەموو ئەو ڕاستیانەیە کە لەبەردەمی خۆمدا ڕووی داوە و ئەو بڕیارەی کە دەرهەق بە سێ هەڤاڵ دەرکراوە، بە سزادان و سڕکردنیان بەندە( **بڕیار عەلی، ئالان ئەمین و سۆزان کەرەم**) تەنها (**جوان عومەر کەرکوکی**)ی لێ دەرکراوە، بە ناحەقی و نا حیزبی دەزانم.
لەم نوسراوەمدا دەمەوێ بە پرنسیپی حیزبی و بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەرجەعی باڵای خۆمی دەزانم، سەرتاپای ئەو بڕیارە دەرهەق بە خۆم و هەڤاڵەکانم ڕەت بکەمەوە و (طعن)، تانەی لێ بدەم، بە بڕیارێکی تەعەسوفی و عەسکەریانەی لە قەڵەم بدەم و

هیچ بێ لایەنی تێدا نابینم و تەنها گوێ لە یەک کەس گیراوە، ئەویش لەبەر ناوچەگەرێتی و لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوەش:

**یەکەم**: نوسراوەکە لەسەر لۆگۆیەکی ناپرۆفیشۆناڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە جێکەی نەنگیە بۆ ئەو کادرەی ئەو نامەیەی نوسیووە.. حیزبی ئێمە بڕیاری فەرمی لەسەر لۆگۆی وا هەڵە بڵاوبکاتەوە..؟ کە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە هەڵە نوسراوە تەنها(یەکێتیی نیشتمان) وهەر وشەیەک لە لاپەڕەکەدا بۆ لایەک پەڕیووە،لێرەدا وێنەیەکی بڵاو دەکەمەوە، بریا هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی ئەم نوسراوەیان دەبینی بزانین ئێمە شایانی سزادانین یان ئەو هەڤاڵەی ئەو نامە پڕ لە هەڵەیەی چاپکردووە ..؟:

Patriotic Union of Kurdistan
کوردستان
Organizational Bureau
ڕێکخستن
External Centre

یەکێتیی نیشتیمان
مەکتەبی

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سلاو.

**بۆ/سەرجەم هەڤالانی کەرتی ڕێکخستنی ئەمستردام.**

ئێوارەی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/٢٧کۆبونەوەیەك لە نێوان لێژنەکەمان و بەرپرسی کەرتەکەیان و دەستەی کارگێری کەرت ئەنجام درا .سەرئەنجامی لێدوان لەسەر باری ڕێکخستنی کەرتەکە دەرکەوت لەکەرتەکە کێشەی ڕێکخراوەی هەیە.
چارەسەرکردنی کێشەکەش بەئەنجامدانی هەلبژاردنێکی ئازاد دیاری کرا.
بڕیاردرا ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٢٨ کۆبونەوەیەك بۆ ئەندامانی لێژنەکەو ئەندامانی کەرت سازبکرێ و هەلبژاردن ئەنجام بدرێ.
ڕۆژی هەینی ٢٠١٢/٦/٢٩ئاگادار کرابنەوە کە هەڤالان (بریار وئالان وسۆزان) ئامادەی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە نەبون تەنها هەڤال (جوان عومەر) ئامادەی خۆی نیشاندا.جگە لەوەی ئەو هەڤالانە ئامادەنەبون ئەدامانی کەرتەکە ئاگادار بکەنەوە ،ئەمەش جگە لەلادان لەپرەنسیپی ڕێکخراوەی و شکاندنی بڕیارەکان کاریگەری سەلبیش لەسەر ڕەوتی ڕێکخستن لە ئۆرگانەکاندا دروست دەکات .
بۆیە لێژنەکەمان بڕیاریدا.
١-هەڤالان(بریار وئالان و سۆزان)هەقی بەشداری کردنی کۆنفراسی کۆمیتەیان لێوەربگیرێتەوە.
٢-بۆ ماوەی (٣)سێ مانگ بەسپرکردن لە کاروچالاکی ڕێکخراوەیی سزابدرێن.
٣-هەڤال (جوان عمر)مافی بەشداری کۆنفراس کۆمیتەی بمێنی.
٤-هەڤالانی کۆمیتەی نوێ پاش دەست بەکاربونیان دەبێ لەماوەی (یەك )مانگدا هەلبژاردنێکی ئازاد بۆ کەرتی ئاو براو ئەنجام بدەن . دەستەی کارگێری کەرت لەوهەلبژاردنەدا دیاری بکەن(م.ڕ)لێ ئاگادار بکەنەوە.

وێنەیەك بۆ:

**مەکتەبی ڕێکخستن**
**لێژنەی هەلبژاردنی ناوەندی دەرەوە**

**بەروار 2012-6-30**

**دووەم**: ئێمە ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی 26–07–2012 نەک 27–06–2012 لەو ئوتێلەی لیژنەکە لێی دابەزیبوون ئوتێل (شەنگەهای) لە شاری دیڵفت کۆبونەوکەمان کرد، باسی هەڵبژاردنی کەرتی ئەمستردامیان بە هیچ جۆرێک لەگەڵدا نەکردین، چونکە بە ئاگاداری هەڤاڵ دلێر ئەحمەد شوکری خۆی و مامۆستا عەونی و سەید عەلی کارگێڕانی ئەوسای کۆمیتە کۆبوونەوەی فراوانی کەرتی ئەمستردامان بۆ ڕۆژی 08–07–2012 دانابوو،بەهیچ جۆرێک باسیی هەڵبژاردنی کەرتی ئەمستردامیان نەکردەوە،لەو کۆبوونەوەیەدا بە ئێمەیان ووت خۆتان ڕێک بکەون، کەچی لە نامەی سرکردنەکەدا نوسراوە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی27–06–2012 گوایە لەگەڵمان کۆبوونەتەوە، ئەوە ئەصڵ و ئەساسی نیە، من بەیانی ئەو ڕۆژە چوارشەممەی ڕێکەوتی 27–06–2012 لە هۆڵەندا نەمابووم، ئیتر کۆبوونەوەی چیمان کردووە و مۆڵەتم لە خۆیان وەرگرتبوو کە سەفەر دەکەم بۆ پۆڵۆنیا، ئیتر لە کوێوە لەگەڵیان کۆبوومەوە..

**سێهەم**: لە کۆبوونەوەی 26–07–2012 نەک 27–06–2012 دەرکەوت نەک کێشەیی ڕێکخراوەییمان نیە، بەڵکو کێشەی بێئاگایی لە کاری ڕێکخراوەیی (نەزانی حیزبی) لای تەنها هەڤاڵ جوان عومەر هەیە و کاری ڕێکخراوی (میدیـا"ی ئەمستردام تێکەڵاوی ڕێکخستنی حیزب دەکات، هەڤاڵانی لیژنەش ئەو ساتە بڕوایان بەو حاڵەتە کرد، ڕەفتاری جوان عومەریان بە چاوی خۆیان بینی، لەوێدا من بەرەو ڕووی کاک دلێرم کردەوە پێم ووت ئێستە لە کارگێڕەکان بپرسە بزانە چیان ئەوێت هەڵبژاردن یان وەک ئەم دەستەیەی ئێستە بچینە ناو کۆنفرانسەوە،بەهیچ جۆرێک بڕیاری ئەوە نەدرا کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی لیژنەکە و ئەندامانی کەرتی ئەمستردام بکرێت و هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت، بۆ بەڵگەش ڕۆژی 28–06–2012 کەرتی دەنهاخ هەڵبژاردنی هەبوو، بە هیچ جۆرێک کۆبوونەوە بۆ کەرتی ئەمستردام دەست نیشان نەکرا، بڕیار خرایە دەست خۆمانەوە، ئەگەر وایە بۆ وەکو ئەم نوسراوی سزادانە، نوسراوی بڕیاردانی کۆنفرانسی کەرتیان نەداینێ...؟ ئێمە سێ کەس لێپرسراوی کەرت و دوو کار گێڕ و تەنانەت لە گەڕانەوەماندا (جوان عومەر)یش لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی بەندەدا لە کاتی گەڕانەوەماندا دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ هەڤاڵ سیروان و دلێردا ئەنجامەمان دا ئێوارەی ڕۆژی 26–06–2012 نەک 27–06–2012 دەستمان خستە ناو دەستی یەکتر بە موبادەرەی جوان عومەر خۆی هەر سێ کارگێڕەکە (**جوان و ئالان و سۆزان**) جگە لە بڕیار عەلی لەبەرئەوەی سەفەر ئەکات بەشداری کۆنفرانسی کۆمیتە بکەن. دوای کۆنفرانس هەر کێشەیەک ئەگەر هەیە چارەسەری بکەین و یەکلایی

بکەینەوە،هەر چوارمان (بڕیار و ئالان و جوان و سۆزان)دەستمان لە ناو دەستی یەک دانا و وەعدی هاوکاری کردنی یەکترماندا.

**چوارەم**: زۆر جێگەی سەرسوڕمانە لە بڕیاڕی سڕکردنەکەدا هاتووە ڕۆژی هەینیی 29-06-2012 گوایە لیژنەکە ئاگادارکراونەتەوە، لە لایەن کێوە..؟ نەنوسراوە..؟ ئێمە نازانین (هەڤاڵان بڕیار و ئالان و سۆزان)، ئامادەی جێبەجیکردنی بڕیارەکە نەبوون.. باشە ئەم لیژنە بەڕێزە پەیوەندیان بە کێوە کردووە، وا ئاگاداری کردوونەتەوە، چۆن بڕوایان بەو کرد و زانیان بڕیار ئامادە نیە هەڵبژاردن بکات..؟ خۆ من لە خۆیان مۆڵەتم وەرگرتبوو، بۆ لەکاتی خۆیدا بە نوسراوئاگاداریان نەکردینەوە وەک دۆکۆمێنتێک لەبەردەستمانبێت.. خۆ دەیانزانی من لە 27-06-2012 ەوە لە هۆڵەندا نەمابووم، بەڵام تەلەفۆنەکەم کراوە بوو، بۆ کەس پەیوەندی پێوە نەکردم، قسە لە دەمی خۆم یان لە کەسی دووهەمەوە وەربگیرێت ڕاستترە، هەروەها بۆ پەیوەندی بە هەڤاڵان ئالان کە جێگری بەرپرسی کەرتە و سۆزان کەرەم کە کارگێری کەرتە، بۆ پەیوەندیان پێوە نەکرا،بۆ دەبێت، گوێ لە هەڤاڵ خاتوو (جوان عومەر،کەرکوکی) بگیرێت بە تەنها ئەوە جێگەی پرسیارە...بۆ تەنها گوێ جوانەخان گیراوە؟!!!،ئەی بۆ ئاگاداری کارگێڕەکانی دیکەنەکراوەتەوە هۆکارەکە چیە ؟!!!! ئەگەر بیانۆنەبێت !!!! ئەمە جێگەی بەدوادا چوونە لە لیژنەی بەڕێز و من وەک خۆم بڕیارەکەیان بە عادیلانە نازانم داوای لێکۆڵینەوە (تحقیق) ئەکەم لەم ڕووەوە..

**پێنجەم**: ئەو بڕیارە لەسەر بنەمای گوێگرتن لە تەنها یەک کارگێڕ دراوە و مافی بەرپرسی کەرت و دوو کارگێڕی تر پێشێل کراوە،لەبەر ئەوە (طعن)ی ئەکەم و بە بڕیارێکی باطیل لە قەڵەمی ئەدەم، لە هەمان کاتدا ناوچە و ناوچەکەگری لەبەرچاو گیراوە، بە تایبەت لە لایەن لێپرسراوی لیژنەکەوە.

من وەک بەرپرسی کەرتی ئەمستردام و پێشتر وەک جێگری کەرت لەساڵی 2005 ەوە ئاگادارم و بەرپرسیاری ئەم قسەیەی خۆمم هەڤاڵ (جوان عومەر)، سیفەتی ئەندامێتیی کەرتی نەماوە، چونکە لەو ڕێکەوتەوە لە کاری ڕێکخستن دابڕاوە و تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی مارتی 2010 دا ئێمە کەرتی ئەمستردام پاسمان گرت بوو لە ئەمستردامەوە بۆ شوێنی دەنگدان لە شاری ئوتریخت، خەڵکمان دەگواستەوە خۆم شەخسی تەلەفۆنم، بۆ هەڤاڵ (جوان عومەر) کرد بۆ ئەوەی بێت بۆ دەنگدان، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە ووتی: (**من دەنگ بە کورد نادەم، من یەکێتیی نیم من دەنگ بە گەندەڵ و مافیا و دزەکان نادەم**)، بەڵام نازانم چۆن بە قودرەتی قادر ڕەئی گۆڕاو پاش ماوەیەک ڕێکەوتی 09-12-2010 لە ڕێگەی هەڤاڵ( سەردار فەتاح)داوای پشتگیری ڕێکخستنی کرد و ئێمەش، بۆ ئەوەی دڵی خەڵک ڕابکێشن بەلای ڕێکخستنەکانمان دوور نەکەونەوەلێمان ، بەڕێزەوە پشتگیریەکەمان بۆ کرد و گوێمان نەدا بەو هەڵوێستە نەشیاوانەی کە پێشتر نواندبووی، وورده ووردە

نزیک کەوتەوە لە کاری ڕێکخستن و ئەوە بوو لە هەڵبژاردنی 22-05-2011 کەرتی ئەمسترامدا بەشداری کرد و ئێمەش هاوکاری بووین خۆی پالاوت دەنگی سێهەمی هێنا و... بوو بە کارگێڕی کەرتی ئەمستردام، کەچی ئێستە بە گوێ گرتن لەسەر قسەی ئەو هەڤاڵە بەڕێزە ، لە لایەن هەڤاڵ سیروان (کوێخا نەجم)ەوە جێگەی متمانەیە و (بەندە بەرپرسی کەرت دوو کارگێڕی کەرتی ئەمستردام بە بێ بنەما سێ مانگ سڕ ئەکرێن و سزا ئەدرێین، پاش مانگێک بڕیار ئەدەن کۆنفرانسی کەرت بکرێتەوە بە بێ ئێمە.. ئەمانە بۆچی..؟! ئێمە لە کۆنفرانسی کۆمیتە مەحروم ئەکرێن.. ئەمانە جێگەی پرسیار و بەدواداچوونن، ئەگەر حەق و ویژدان و حزبایەتی وا بێت.. ئەوە مومکین نابێت تێپەڕێندرێت بە سەرحزب و ئۆرگانەکاندا و بەسەر خۆشماندا ....؟

**شەشەم:** ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە پێش کۆنفرانسی کۆمیتە لە 01-07-2012 دا بە ڕۆژێک، بۆ یەکەمجار ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 30-06-2012 لە ڕێگەی کارگێڕانی کۆمیتەی پێشوو هەڤاڵ(چالاک مەحمود) تەلەفۆن بۆهەڤاڵ (سەردار فەتاح) کراوە و پێی ڕاگەیاندووە ئەوە چیتان کردووە..؟ هەڤاڵ سیروان و لیژنەکە لێتان تووڕەن.. (هەڤاڵ سەردار)یش وەڵام ئەداتەوە، دەڵێت من ئاگاداری هیچ نیم، ئێستە تەلەفۆن بۆ هەڤاڵ سیروان ئەکەم و یەکسەر تەلەفۆنی بۆ ئەکات پاش چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین.. هەڤال سیروان، هیچ ناڵێت و تەنها ئەڵێ ئەمڕۆ سەعات پێنجی عەسر هەڤاڵ ئالان کارگێڕی کەرتی ئەمستردام بێنە و وەرن بۆ ئوتێلەکە لە شاری دێلفت. کە دەگەنە ئەوێ بە ئامادەبوونی لیژنەکە هەڤالان (**سیروانی کوێخا نەجم، دلێر ئەحمەد شوکری و عەبدولڕەزاق فەیلی** ) و هەڤالان سەردار فەتاح و ئالان ئەمین، هەڤاڵ وەستا سابیریش لەوێ ئەبێت لە دانیشتنەکەدا، هەڤاڵ سیروان بە تووڕەیی سێ نوسخەی کۆپی سڕکردنی بڕیارەکە، دەدات بە هەڤاڵ ئالان ئەمین و ئەویش سەری سووڕ دەمێنێ و پێی ئەڵێت هەڤاڵ سیروان من هەموو بڕیارێکی یەکێتییم قبووڵە و ڕێز لە بڕیارەکەتان ئەگرم، ئەگەر هەڵەیەکی حیزبیم کردبێت، ئەوە خۆمم ئیستیقالەی خۆم پێشکەش ئەکەم.. بەڵام بڕیارەکەتان نا عادیلانەیە و کەرتی ئەمستردامتان کردووە بە قوربانی کەسێک تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی قسەی کردووە، هەڤاڵ سیروان بە تووڕەیی دانیشتنەکە بە جێ ئەهێڵێت و ئەڵێ نەخێر وا نیە و ئێمە کەرتی ئەمستردامەمان هەر ناوێ و لەوێدا ئیشارەت بە هەڤاڵ سەردار فەتاح ئەکات و پێی ئەڵێ کاک دلێر ئیشی پێتە و ئیتر هەڤاڵ دلێر بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ (هەڤاڵ سەردار فەتاح)دا گفتوگۆ ئەکەن.

ئەوەی من لێرەدا لەم خاڵەشدا سەبارەت بە خۆم و هەڤاڵەکانم ئەمەوێ بیڵێم. ئەم بڕیارە تەعەسوفیانەیە و بە بڕیارێکی تاک ڕەوانەی دەبینم، پرۆسەی هەڵبژاردن و کۆنفرانسی وام نەبینیووە، بەڕێزیان کاتێک گەیشتۆتە هۆڵەندا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 28-06-2012 من دوو ڕۆژ بووە لە هۆڵەندا نەماوم، کەچی واژۆی بڕیارێکی کردووە، کە هەر ئاگاشی لە ناوەڕۆکەکەی نەبووە،

هەروەها بڕیارێک دەرهەق بە من دەرچووە، من هەر لەو وڵاتەشدا نەبووم، هەڤاڵان سیروان و دلێریش، بێلایەن نەبوون و بە ویژدانەوە ئەو بڕیارەیان نەداوە.. بۆیە داوای (طعن) کردنی ئەکەم. ئەوەی کە بەلامانەوە سەیرە و لامان بۆتەپرسیار چ کادرێک بە بێ لێکۆڵینەوە یەکسەر بڕیاری سەزاو سڕکردن ئەدات ، بەڕاستی ئەو یەکێتیەی کە ئێمەی پەروەردەکردوە و سەیری پێڕەوی ناوخۆ دەکەین ئەوبڕیارە جگەلە بڕیاری شەخسی و ڕەق هەڵگرتن هیچ مانایەکی دیکەنابەخشێت.

**حەوتەم**: وەک لە خاڵی یەکەمی ئەم نوسراوەدا ئاماژەم پێدا، بڕیارەکەی دژی ئێمە دەرچووە، لەسەر لۆگۆیەکی ناپرۆفیشۆناڵ،کە جێکەی نەنگیە بۆ ئەو کادرەی ئەو نامەیەی نوسیووە.. حیزبی ئێمە بڕیاری فەرمی لەسەرلۆگۆیەکی هەڵەی وا بڵاوبکاتەوە..شەرمەزاریە؟ کە یەکەم ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە هەڵە نوسراوە تەنها (یەکێتیی نیشتمان) و هەر وشەیەک بۆ لایەک پەڕیووە،لەسەرەوە وێنەیەکم بڵاو کردۆتەوە بریا هەڤاڵانی بەڕێز مەکتەبی سیاسی ئەو نوسراوەیان دەبینی بزانن کادری چۆن و چەند پرۆفیشیناڵیان هەیە، لەم سەردەمی جیهانگیریەدا بەرپرسیارێتی ئەدرێتێ و لە هەمان کاتدا بەوەوە نەوەستاون دوای کۆنفرانسی کۆمیتە جارێکی تر هەمان نوسراوی بڕیاری سزادانەکەیان بۆ هەموو بەرپرسی کەرتەکان و هەندێک هەڤاڵی تر ناردۆتەوە، بەڵام ئەمجارە کەمێک لۆگۆکەیان چاک کردووە، بەڵام ڕێکەوتی 2012-07-05 یان لێ داوە، بۆ ئەوەی ماوەی سزادانەکەمان درێژتر بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە هەمان هەڵەکانی پێشووکراوەتەوە، لە خوارەوە واژۆیەکی جیاواز تر بە قەڵەم پێیدا هاتوونەتەوە، لە سێ واژۆکەی پێشوو جیاوازە، بە ناوی **مەکتەبی ڕێکخستن– لیژنەیی هەڵبژاردنی ناوەندی دەرەوەی** لێ دراوە، بەداخەوە نەیانزانیووە ئەو حیزبەی خۆیان بۆی پاڵاوتووە دەنگی براوەیان پێ دراوە و کاری تێدا دەکەن ناوی چیە..؟ و جارێکی تر ناوەکەیان بە هەڵە تۆمارکردۆتەوە (یەکێتیی نیشتمان کوردستان)، داواکارم بە ووردی سەرنجی ئەو هەڵانە بدرێن و بەدواداچوون بۆ واژۆی نوسراوی دووەم بکرێت، کە لە 2012-07-05 دا بڵاوکراوەتەوە، بە مەرجێک هەڤاڵ دلێر ئەحمەد شوکر وەعدی بە هەڤاڵان بڕیار و ئالان دابوو، بە بڕیارەکەیان دا دەچنەوە، تا بڕیاری دەست لەکارکێشانەوە نەدەن.

لە بەڕێز مەکتەبی ڕێکخستن دەپرسین :لیژنەیەک کەپێک هاتوەلە دووئەندام و ئەندامێکی سەرکردایەتیش بەرپرسیەتی دەکرێت نوسراوێکی ئاوا بنێرن وتەعمیم بکرێت بۆهەموو ڕێکخستن لە نوسراوەکەدا نوسیویانە( **مەکتەبی ڕێکخستن، لیژنەی هەڵبژاردنی ناوەندی دەرەوە** ) لەجیاتی هەرسێکیان هەڤاڵ سیدعەلی واژۆی خۆی لەسەر بکات ؟!!!!، ناحەقمانە ئەگەر بەبێگومان بڵێین بڕیاری پێشوەختی لەسەردراوە کەبکرێت بە بەرپرسی کۆمیتە ؟ ئەمە ڕای زۆرینەی ڕێکخستنەکانە بۆئاگاداریتان بەڵام نایانەوێت خۆیان توشی سەرئێشەبکەن.

هەڤاڵان ڕووتان لێ دەنێم بۆ خاتری خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگە دێرینەکان، کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، ویژدانی ئێوە دەکەم بە حەکەم ئێمە موستەحەقی سزادانین یان ئەو هەڤاڵانەی ناوی حیزبەکەی خۆیان نازانن..؟ گەر بیانویستایە یەکێتیی زیاتر لە هۆڵەندا گەشەی بکردایە و کۆمیتەیەکی تەندروست بهاتبایە ئاراوە، ڕێگەیان خۆشبکردبایە دەنگدەران بە هۆشیاری و بە ویژدان و بە عەقڵێکی کراوەوە دەنگەکانی خۆیان بە فیڕۆ نەدایە، یان ڕێگەخۆشکەر بوون دۆخەکەیان ڕەخساند بۆ وەلای شەخسی و ناوچەوناوچەگەری و عەشیرەت.. دەبوایە بە کردەوە بیانسەلماندایە حیزبەکەمان، حیزبێکی سۆسیال دیموکراتە و لە وڵاتێکی مۆدێرنی وەک هۆڵەندەدا ...ئێمە هیچمان لە هۆڵەندیەکان کەمتر نیە..!، دەبوایە کەسانی لێ وەشاوە و شایەستەیان دەستنیشان بکردایە و جێگە متمانە ئێستا لەو جێگایەدا بونایە بۆ پاراستنی ڕێبازە پیرۆزەکەی شەهیدان و داهێنەرانی (کەم ژیان و کەڵ ژیان)، ئەو کەسانەی درێژە پێدەری پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان بوون، ئەو کەسانەی خزمەتکاری خانەوادە و کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان و ئەنفالکراوەکانمان بوون.

بە هەق پێتان دەڵێین هەڤالان ئێمەین ئێمە لە ئاست متمانەی هەڤاڵی بەڕێز وتێکۆشەر مام جەلال/داین و کە ئێستە لە نەخۆشخانەیە چاوەڕوانە دڵخۆشی کەین، نەک پێشێلکاری بکەین دەرهەق بە کادرە دڵسۆزەکانی و سزایان بدەین، دەبوایە گیانی سەربەرزی شەهیدە نەمرەکانمان ئاسوودە بکردایە، تەنها و تەنها لە پێناوی یەکێتیی ناو یەکێتیی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا کارمان بکردایە دژی دەستەگەری و ناوچەگەری و شارشارێنە بووەستاینایەتەوە، نەک بە چەمکی موئامەرە و ملشکاندن و چاڵ هەڵکەندن بۆ هەڤاڵە ماندووەکانمان، ئەوانەی ڕەنج و شەونخونیان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کێشاوە و کەچی ئەمڕۆ هاتوون مەحرومیان دەکەن لە هەقی دەنگدانی شەرعی خۆیان و سزای ناعادیلانەیان دەدەن بەسەردا.

لە کۆتاییدا تکامان وایە هەرهەڤاڵێکی بەڕێز ئەم سکاڵا و ڕوونکردنەوەیەی ئێمە دەخوێنێتەوە و بە وردی هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانەی بۆ بکات بە ویژدانەوە، لە ماوەیەکی کورتدا ئاگادارمان بکاتەوە، ئەگەر ئێمە بێبەرین لەو سزایە یان شایانی ئەو سزایەین...جێگەی ڕێز و دڵخۆشکردنی ئێمە ئەبێت.

ئێمە هەمیشە شانازی ئەکەین بە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە، کە بە سنگێکی فراوانەوە، سکاڵا و ڕەخنە و پێشنیاری هەموو هەڤاڵێکی خۆی بە هەند وەرئەگرتیت وەڵامی خێرای ئەداتەوە، حیزبێکە جێی متمانەی هەموو هەڤاڵانێتیی. هەمیشە سەربەرز تر و گەشاوە تر بێت ئاڵا سەوزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دوا داواکاریمان ئەوەیە ئەگەر ئێمە هەڵەین داوادەکەین لەسێ مانگ بکرێت بەشەش مانگ ئەگەر ئێمەهەڵەنین داوای پێچەوانەی دەکەین بەلێپرسینەوەیەکی وورد.

Patriotic Union of Kurdistan
Organizational Bureau
Foreign Council

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
ناوەندی دەرەوە
ڕێکخستنەکانی دەرەوە
کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا

کەرتی ئەمستردام

Patriotic Union of Kurdistan
Organizational Bureau
External Centre

یەکێتیی نیشتیمان کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
ناوەندی دەرەوە
کۆمیتەی هۆڵەندا

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سلاو.                                                            بەروار: ٢٠١٢/٧/٥

بۆ/سەرجەم هەڤالانی کەرتی ڕێکخستنی ئەمستردام.

ئێوارەی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/٢٧کۆبونەوەیەک لە نێوان لێژنەکەمان و بەرپرسی کەرتەکەتان و دەستەی کارگێڕی کەرت ئەنجام درا .سەرئەنجامی لێدوان لەسەر باری ڕێکخستنی کەرتەکە دەرکەوت لەکەرتەکە کێشەی ڕێکخراوەی هەیە.
چارەسەرکردنی کێشەکەش بەئەنجامدانی هەلبژاردنێکی ئازاد دیاری کرا.
بریاردرا ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٢٨ کۆبونەوەیەک بۆ ئەندامانی لێژنەکەو ئەندامانی کەرت سازبکرێ و هەلبژاردن ئەنجام بدرێ.
ڕۆژی هەینی ٢٠١٢/٦/٢٩ئاگادار کراینەوە کە هەڤالان (بریار وئالان وسۆزان) ئامادەی جێ بەجێ کردنی بریارەکە نەبون تەنها هەڤال (جوان عومەر) ئامادەی خۆی نیشاندا.جگە لەوەی ئەو هەڤالانە ئامادەنەبون ئەدامانی کەرتەکە ئاگادار بکەنەوە ،ئەمەش جگە لەلادان لەپرەنسیپی ڕێکخراوەی و شکاندنی بریارەکان کاریگەری سەلبیش لەسەر ڕەوت ڕێکخستن لە ئۆرگانەکاندا دروست دەکات . بۆیە لێژنەکەمان بریاریدا.

١-هەڤالان(بریار وئالان و سۆزان)هەقی بەشداری کردنی کۆنفراسی کۆمیتەیان لێوەرئەگیرێتەوە.
٢-بۆ ماوەی (٣)سێ مانگ بەسرکردن لە کاروچالاکی ڕێکخراوەیی سزابدرێن.
٣-هەڤال (جوان عمر)مافی بەشداری کۆنفراس کۆمیتەی بمێنێ.
٤-هەڤالانی کۆمیتەی نوێ پاش دەست بەکاربونیان دەبێ لەماوەی (یەک )مانگدا هەلبژاردنێکی ئازاد بۆ کەرتی ناو براو ئەنجام بدەن . دەستەی کارگێری کەرت لەوهەلبژاردنەدا دیاری بکەن(م.پ)لێ ئاگادار بکەنەوە.

وێنەیەک بۆ:

مەکتەبی ڕێکخستن
لێژنەی هەلبژاردنی ناوەندی دەرەوە

Patriotic Union of Kurdistan
Organizational Bureau
Foreign Council

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
ناوەندی دەرەوە
ڕێکخستنەکانی دەرەوە
کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا

کەرتی ئەمستردام

شاد و سەرکەوتوبن
لەگەڵ ریزی
هەڤالانتان

1- بریار نوری حەمە عەلی رەسوڵ، لێپسراوی کەرتی ئەمستەردام .
2 - ئالان ئەمین ، جێگری لێپسراوی کەرتی ئەمستەردام
3 - سۆزان عەلی مەنصور کەرەم، کارگێری کەرتی ئەمستردام

وێنەیەکی / بۆ بەڕێزان–
بەڕێز / مەکتەبی سیاسی بۆ زانین ولێپرسینەوە
بەڕێز / مەکتەبی ڕێکخستن بۆلێپرسینەوە
بەڕێز /لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانس بۆ زانینتان
بەڕێز / ناوەندی دەرەوە – بۆزانینتان

0031 624 778 327 – تەلەفۆن

– ئیمێل

ali_baryar@yahoo.com

**تێبینی /**

لەبەر ئەوە لۆگۆی کەرتمان بەکار هێناوە، بۆ بەرزکردنەوەی ئەم سکاڵایە، بەکارێکی ڕەوا و ڕاستی دەزانین، بەپێی پرانسیپ و پەیرەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) بەحەقی خۆمانی دەزانین ، هەرگیز خۆمان بەسرکراو نازانین و بڕیارەکەش بە بڕیارێکی نادروست دەزانین و بۆیە (طعن) لەبڕیارەکە ئەدەین.